# جێندەر وەک حەقیقەتێکی بایۆلۆژیی بەرانبەر جێندەر وەک بونیادێکی کۆمەڵایەتی

فرانسیسکۆ هافیەر کەماچۆ

## لە ئینگلیزییەوە: ناودار زیاد



شوناسی تێکشکاو، تابلۆی (درۆر ڕۆسەنسکی) ٢٠٢٢

١٧ی تەمووز ٢٠٢٢ وتار

(**فرانسیسکۆ هافیەر کەماچۆ**) دەپرسێت، ئایا بایۆلۆژیا و بونیادی کۆمەڵایەتی چ جیاوازییەک دروست دەکەن؟

(**بین شەپیرۆ**) شرۆڤەکاری کولتووریی کۆنزەرڤاتیڤ کاریکی خێرا لەسەر "پرسی جێندەر" دەکات و دەڵێت: "بێگومان زانست نەبووەتە دوو بەشەوە سەبارەت بەوەی ئایا ڕەگ و ڕیشەی جیاوازییە جێندەرییەکان لە بایۆلۆژیادایە یاخود لە کولتووردا- وەڵامەکە ئەوەیە کە لە هەردووکیاندایە، بەڵام بە پێداگرییەکی زۆرترەوە لەسەر ئەوەی کە لە بایۆلۆژیادایە" (' The Left's Doomed Crusade To Erase Gender Differences', National Review, 2018). لە هەمان کاتدا، فەیلەسووفی فێمینیست (**جودیت باتلەر**) لەبارەی دیوێکی دیکەی ئەم ئەرگیومێنتەوە بەم جۆرەی خوارەوە دواوە:

**"جێندەر بریتییە لە شێوازی دووبارەبووەوەی جەستە، مەجموعەیەکە لە کردەی دووبارە کە بە تێپەڕینی کات لە چوارچێوەیەکی ڕێکخراوی توندی باڵادا قاڵبی گرتووە، کە لە میانەیەوە ڕواڵەتی جەوهەرێک لە جۆرێکی سروشتی بووندا بەرهەم هاتووە. ئەگەر جینالۆجیای سیاسی لە ئۆنتۆلۆژیای جێندەردا سەرکەوتوو بێت ئەوا ڕواڵەتی جەوهەرییانەی جێندەر لەناو کردە پێکهێنەرەکانیدا هەڵدەوەشێتەوە، بەمەش پێگە و ئیعتیبار بۆ ئەو کردانە دیاری دەکات کە لە بازنەیەکی ناچاریدا لەلایەن هێزە هەمەجۆرەکانەوە دانراون، ئەو هێزانەی چاودێری و حوکمی ڕواڵەتی کۆمەڵایەتیی جێندەر دەکەن..."** ( Gender Trouble: Feminism and the Subversion of Identity, p.33, 1990).

بە دەربڕینێکی تر، بۆ (**باتلەر**) و ئەوانی دیکەش، جێندەر زیاتر بونیادێکی کۆمەڵایەتییە نەک حەقیقەتێکی بایۆلۆژی. کەواتە، "پرسی جێندەر" لەو لایەنەوە کە بە جەنگە کولتوورییەکان بە ناو دەکرێت بابەتی دوو بۆچوونی دژبەیەکە: یەکێکیان بەرپرسیارێتیی ڕێژەیی ڕەفتارە جێندەرییەکان دەخاتە ئەستۆی کۆمەڵگە و، ئەوی تریان دەیخاتە ئەستۆی بایۆلۆژیا. بۆچوونی یەکەم دەڵێت تا ڕاددەیەکی زۆر ڕەگەزی بایۆلۆژی پێناسەی جێندەر دەکات، بۆچوونەکەی تر دەڵێت تا ڕاددەیەکی زۆر کۆمەڵگە یان کولتوور پێناسەی جێندەر دەکات. من بەم دوو بۆچوونە دژبەیەکە دەڵێم چوونیەک و هاوتەریب یاخود دووانەی یەکتر[1].

هەردوو بۆچوونە دووانەکە نوێنەرایەتیی وەڵامەکـان دەکەن، بەڵام بۆ چ جۆرە پرسـیـێک؟ لێرەدا (**شـەپیرۆ**) بە ڕوون و ڕاشـکاوی وەڵام دەداتەوە: لە ڕاسـتیدا پرسـی جێندەر پرسـیـێکی ئەزموونییە، چونکە زانسـت بانگەشـەی ئەوە دەکات کە بایۆلۆژیا بەرپرسـترە لە کۆمەڵگە لەبارەی ڕەفتارە جێندەرییەکانەوە. هەروەها جینالۆجیا سـیاسـییەکەی (**باتلەر**) بریتییە لە شـیکارکردنی ڕەفتاری جێندەری کە دەکرێت سـەرنج بدرێت: هەسـتان بە داماڵین و هەڵوەشـاندنەوە و لێکردنەوەی بەرگی پیادەکردن و ڕێککەوتن و هێز و ناچارکردن و، پاشـــان دەبینیـت هـیـچ شـــتـێـک نەمـاوەتەوە. بەڵام ئەمە دەتوانێـت چ جۆرە [هەڵوەشـــاندنەوەیەک] بێت ئەگەر لەســـەر بنەمای تێبینیکردن و تاقیکردنەوە نەبێـت؟ کەواتە، هەردوو بۆچـوونە بـایـۆلـۆژی و کـولـتـوورییەکە لەلایەن لایەنگرەکانیانەوە وەک بانگەشـــەی ئەزموونگەرانە وەرگیراون، کە بە میتۆدی زانستی بەرگرییان لێ دەکرێت.

ئەم ئایدیایە زۆر گرنگە، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی ڕیتۆریکی مشـتومڕ لەبارەی جێندەرەوە ڕەنگڕێژ دەکات. ئەگەر بەرانبەرەکەت حوکمت بدات لەســەر ئەوەی توانات نەبێ یان نەخوازیت "ڕاســـتی ببینیت"، ئەگەر "دان بە ڕاســـتییەکاندا نەنێیت"، یـان ئەگەر "تەنهـا ڕاســـتی بەدەســـت نەهێنیت"، ئەوا جووڵە و داینامیکییەتێکی عورفی دەست پێ دەکات. لەو کاتانەدا تۆمەتی [ناعەقڵانییبوون] زۆر دوور نـابێت و ئەمە لەگەڵ خۆیـدا مۆڵەتی دەرکردن یـان تـا ڕاددەیەک ناچارکردنت بۆ دێنێت یاخود پاڵنەرەکانت دەخاتە ژێر پرســـیارەوە. تۆمەتبار دەکرێیت بەوەی ڕێنمایی کراوی نەک لەلایەن خواســـتێکەوە کە حیســـاباتی بـابەتی بۆ دۆخەکە دەکـات بەڵکوو بە پـابەنـدبوونـت بۆ ئـایـدیۆلۆژیـا یـان باوەڕییەک، جا درکی پێ بکەیت یاخود نا. بۆیە وەک خاچپەرســـتێکی چەپی لیبڕاڵ، یان وەک بەرگریکارێکی ڕاستڕەوی کۆنزەرڤاتیڤ سەیر دەکرێیت.

لە ئەرگیومێنتەکـان لەبـارەی ترانس جێنـدەرەوە ڕێککەوتی شـــتێکی تر دەکەین. بەپێی هەڵوێستی تۆ لەو ناکۆکییانەدا بەرامبەرەکەت تۆمەتبارت دەکات بە یەکێـک لەم دوو شـــتە: لەلایەکەوە تۆمەتبـارت دەکەن بە ئەولەویەتـدانی هەســـتەکانت بەســـەر ڕاســـتییەکاندا. ئەم هەســـتە لەســـەر ئەو تیشـــێرتانە دەردەکەوێت کە دەڵێت "من قەڵەوم بەڵام وەک لاواز خۆم دەناسـم. من لەولای

باریکەوەم". ئەمە بە واتای یاریکردن دێت بە ڕاستییەکان ـــ واتا تا ڕاددەیەکی قبوڵنەکراو هەستەکان ڕێنماییت بکەن - بەو جۆرەی بە خواستی خۆت خەریکی بیرکردنەوە و ڕەفتارێک بیت کە لەگەڵ ڕاستییەکاندا نەگونجێت. ئەمەش هەمان ئەو هەســتە نیشــان دەدات کە لە پشــت گاڵتەیەکی مشــتومڕئامێزەوە لەلایەن (**دەیڤ چاپێڵ**)ـــەوە دروستکراوە لە کۆمیدیا تایبەتەکەیدا بە ناونیشانی ( The Closer) (2021): [فێمینیســـــتە ڕادیکاڵە دژە ترانس جێندەرەکان، ئەوانەی **دەیڤ چاپێڵ** لەگەڵ بانگەشـەکانیاندا هاوسـۆزە] "سـەیری ژنانی ترانس جێندەر دەکەن بەو شـــێوەیەی کە ڕەنگە تەماشـــای ڕووخســـارە ڕەشـــەکەی ئێمەی ڕەشپێست بکەن. ئەمەش تووڕەیان دەکات...".

لەلایەکی ترەوە، لە ئەرگیومێنتەکــانــدا لەبــارەی ترانس جێنــدەرەوە، بەرانبەرەکەت ڕەنگە تۆمەتبارت بکات بەوەی هاوســـۆزیی خەڵکت نییە لەبەر ئەوەی وەڵامگۆی ئازارەکانیـان نەبوویت یـان وەک مرۆڤ ئەوانت لەبەرچـاو نەگرتووە. پاشان، تۆمەتبار دەکرێیت بەوەی خەریکی ڕق و کینە و دوژمنایەتی بوویت بەرانبەریـان، تـا ئەو ڕاددەیەی زیـانت پێ گەیـاندوون. ئەمە هەســـتی شاراوەی پشت زۆربەی وەڵامەکانی (**چاپێڵ**)ـە، کە بە هەمان شێوە وەڵامەکانی (**ئیمـــارا جۆنس**)ی دروســـتکەری ترانســـلاش میـدیـاش ( Translash Media)[2]لەخۆ دەگرێت، (**جۆنس**) دەڵێت ســـەرنجەکانی (**چاپێڵ**) "لە بنەڕەتدا قسـەی ڕەقن بەڵام بە بەرگی گاڵتە داپۆشـراون ":ترانس جێندەرەکانیان کردەی زیانبەخش پێک دەهێنن یاخود مۆڵەتی پێ دەدەن، لەبەر ئەوەیە ئەوان "مشتومڕ لەبارەی ئەوە دەکەن کە کەسانی ترانس ڕاستەقینە نین... و لە دڵی توندوتیژیدا دژی کەسـانی ترانس... ئەوە تاوانە کە باوەڕت وا بێت ترانس جێندەرەکان هیچ شـتێکی هەڵەیان نەکردووە، بەو واتایەی کەسـە ترانس جێندەرەکە مرۆڤ نییە" (PBS Newshour, October 21, 2021).

ئەم تۆمەتانەی لایەنی بەرانبەرەکەت لە مشتومڕەکەدا شتێکی باوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئەوان ئامانجیان لێدانە لە دۆخی هەســـتی بەرامبەرەکەیان. یەکێک لە تۆمەتەکان ئەوەیە کە قورسـایی زۆر بە هەست بەخشـراوە، ئەمەش بە زیانی ڕاستی شکاوەتەوە، بەدواداچوونی ئەمەش پێویستی بە ڕاددەیەک لە بەلاوەنانی بەرژەوەندی و دەرچوون لە ژێردەستەییی هەست هەیە. تۆمەتەکەی

تریان ئەوەیە کە کەسەکە "بێهەستە" واتا هەستە کۆمەڵایەتییە ئەرێنییەکانی گەشە ناکات و سەرکوت کراوە. ئەم تۆمەتانە چەکن بەدەست هەردوو بۆچوونەکەوە هەم بایۆلۆژییەکە هەم کولتوورییەکە، هەروەها ئەوەشیان بڵاوکردۆتەوە کە بەرانبەرەکانیان [شکستیان هێناوە لە بینینی ڕاستییەکە]، وەک قاعیدەیەکی گشتی ئەوەیان جێگیر کردووە کە "ئەوان تەنها دوو جێندەرن"، یان "جێندەر دووانەی نییە، واتا باینەری نییە".

## ڕوانگەیەکی پراگماتیکی

بەڵام ئایا هەموو گوزارشتێکی کینەئامێزانە یان گوماناوی یاخود شێواوانە لەبارەی کەسێکەوە کە دەیەوێت پێکهاتەی جێندەریی خۆی بگۆڕێت بە واتای لەناوبردنی ڕاستەقینەی بوونی مرۆڤ دێت؟ وە ئایا هەموو گەرماوەکان وا دروست کراون کە بێلایەن بن لەنێوان هەردوو جێندەرەکەدا؟ یان ئایا کاتێک وەرزشوانێکی ترانسجێندەر ڕێگەی پێ بدرێت لە تیمێکی وەرزشی یاری بکات گرەنتی ئەو هاتوهاوارانە دەکرێت کە دەڵێت ئەمە بناغەی سیستەمی کۆمەڵگەکە دادەڕووخێنێت؟

ئەگەر پاساوێکمان هەبێت بۆ گومانکردن لەوەی کە وەڵامەکە لە هەردوو حاڵەتەکەدا (نەخێر)ـە، ئەمە لەبەر ئەوەیە کە گریمانەیەکی (هەڵە) لەناو هەردوو بۆچوونە بایۆلۆژی و کولتوورییەکەدا بنیاتنراوە. بە تێڕوانینی من هیچ یەکێک لەو دوو بۆچوونە جەخت لەسەر (ڕاستی) ناکەنەوە، لەو سۆنگەوەی کە بە تێبینیکردن و تاقیکردنەوە بونیادنرابن. هیچ یەک لەو دووبۆچوونە گریمانەی ئەزموونی نین، بۆیە ناکۆکی نێوانیان ناکۆکییەکی زانستی نییە. ئەوان بانگەشەکانیان زانستی نین، هەرچەندە بەو ئاڕاستەیەدا دەڕۆن. پڕەنسیپی میتۆدۆلۆژی لە نەریتی پراگماتیزمی ئەمەریکیدا ــــ ڕێسا و بنەما گشتییەکانی پراگماتیزم ــــ دەشێت یارمەتیمان بدات تاکوو بزانین هۆکارەکەی چییە یاخود بۆچی وایە.

ڕێسا و بنەماکە لە بنچینەدا لەلایەن (**چارلس ساندرس پێرس**)ـەوە دیاری کراوە و مەبەستی (**پێرس**) بریتییە لە "میتۆدێک بۆ گەیشتن بە هزرێکی

بێخەوشی ڕوون و ڕەوان"، کە لەلایەن (**ویلهێلم ئۆستوالد**)ی کیمیازانیشەوە بە پوختی باس کراوە: "لە چ ڕوویەکەوە جیهان جیاواز دەبێت ئەگەر ئەم ئەڵتەرناتیڤ یاخود ئەو ئەڵتەرناتیڤ ڕاست بێت؟ ئەگەر نەتوانم هیچ شتێک بدۆزمەوە کە جیاواز بێت، ئەوکات ئەڵتەرناتیڤەکە هیچ مانایەکی نییە" (Quoted by William James in Pragmatism, 1907).

هەروەک پراگماتیستێکی دیکەی ئەمەریکی (**ریچارد رۆرتی**) دەڵێت "ئەو پرسیارانەی کە بیرۆکە یاخود خاڵێکیان تێدایە لەگەڵ مەرج و داخوازییەکانی (**ویلیام جەیمس**)دا هاوئاهەنگ و تەبان لەوەدا کە هەر جیاوازییەک پێویستە جیاوازییەک دروست بکات" (Philosophy and Social Hope, 1999, p.58).

با لە نزیکەوە ڕێسا و بنەماکە بەسەر حاڵەتێکدا جێبەجێ بکەین. بیهێنە بەرچاوت لەو جیهانەی تێیداین ڕاستە جێندەر زیاتر حەقیقەتێکی بایۆلۆژییە. هاوکات بیهێنە بەرچاوت لەو جیهانەی تێیداین ڕاستە جێندەر زیاتر بونیادێکی کۆمەڵایەتییە. ئایا ئەم دوو گریمانەیە لەڕووی لێکەوتە پراکتیکییەکانییەوە لەسەر ئەزموون چ جیاوازییەکیان هەیە؟ ئایا جیاوازی هەیە لەوەدا کە بە ڕووی تێبینیکردن و ئەزمووندا کراوە بێت، لەسەر ئەم بنەمایە کام لەم دوو بۆچوونە دەکرێت وەک ڕاستی پشتڕاست بکرێتەوە؟ هەبوونی جیاوازییەکی لەو شێوەیە مەرجی بنەڕەتییە بۆ ئەوەی تیۆرییەک یان گووتەزایەک یان تەنانەت گریمانەیەک بە زانستی ئەژمار بکرێت. هەرچەندە، تۆ دەتوانیت سەرنج بدەیت کە جیاوازییەکی لەو شێوەیە بوونی نییە، بە تێپەڕین بە هەردوو جیهانەکەی خەیاڵتدا، چالاکییە بایۆلۆژییەکە و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکە هەردووکیان بە هەمان شێوە ڕۆڵ دەگێڕن. بۆ نموونە، گریمان دەرچوویەکی زانکۆ خاوەن بیرۆکەیەکی سوارچاکییە، بەڵام پاڵنەرە غەریزی و کارکردە هۆرمۆنییەکانی بەرەو ژنێک ئاڕاستەی دەکەن. یان گریمان کچێکی بچووک ناتوانێت بەرگەی یاری توند و هەڵبەز و دابەز و کەوتن بگرێت، لە بری ئەوە یاری ماڵ هەڵدەبژێرێت، بەمەش دەخزێتە ناو لایەنە دایکایەتییەکەیەوە. ئەم کردارانە، وەک ڕەفتارە جێندەرییەکانی تر و وەک دیاردە بایۆلۆژییەکان دەمان گەیەنێتە ئەوەی کە جێندەر زیاتر حەقیقەتێکی بایۆلۆژییە یاخود زیاتر

بونیادێکی کۆمەڵایەتییە. ئەمە وەک ئەوە نییە کە واقیعی یاریکردنی کچەکە یان کردارەکەی کوڕەکە پشت بە حەقیقەتێک دەبەستێت یان پشت بە حەقیقەتێک لە حەقیقەتە بایۆلۆژی یان کولتوورییەکان دەبەستێت، بەجۆرێک ئەگەر یەکێک لە بۆچوونەکـان ڕاســـت بێـت ئەوا کردارەکـانیـان ڕوودەدات، بەڵام ئەگەر بۆچوونەکەی تر ڕاست بێت ئەوا کردارەکانیان تەنها وەهم دەردەچێت. کوڕەکە بەرەو ژنەکە دەڕوات و کچەکەش یـاری مـاڵ دەکـات، جـا زیـاتر بـایۆلۆژی بەرپرس بێ لە ڕوودانەکە یان کۆمەڵگە. هەردوو بۆچوونەکە شـێلگیرانە لەگەڵ ئەم ڕووداوانەدا یەکدەگرنەوە، وەک چۆن لەگەڵ جەســـتەی گەورەی ڕەفتاری جێندەرییدا یەکدەگرنەوە.

بێگومـان، ئەم لێکچوون و هـاوئـاهەنگییە بەپێی دیزایینە. بە شـــێوەیەکی گشـــتی لایەنگرانی هەریەک لە بۆچوونەکـان بە تێپەڕین بە هەموو نموونە تایبەتەکاندا هەوڵ دەدەن شـــتێک لەبارەی جێندەرەوە بڵێن. نەیاندەتوانی ئەوە بکەن ئەگەر هەندێک حاڵەت هەبووایە ـــ با ناوی بنێین [ڕەفتاری جێندەری X]- کە لەگەڵ بۆچوونەکـانیـان نـاکۆک بووایـا. لەبری ئەوە، تێبینیکردنی [ڕەفتـاری جێندەری X] دەبێتە بنەمایەک بۆ ڕەتکردنەوەی بۆچوونەکانیان، هەروەک چۆن تێبینیکردنی قۆناغەکانی هەسـارەی زوحەل بنەمایەکە بۆ ڕەتکردنەوەی مۆدێلی بەتلیمۆســی ســیســتەمی خۆر بەهۆی ناکۆکی و ناتەبایی لەگەڵ ئەو مۆدێلەدا. بەڵام ئەگەر هیچ دۆخێکی ئـاوهـای ڕەتکەرەوەی هەردوو بۆچوونەکە بوونی نەبێت، ئەوکات وەڵامێکمان هەیە بۆ ئەو پرســیارەی کە هەردوو بۆچوونەکە چ گرنگییەکی پڕاکتیکییان هەیە: بەهیچ شـــێوەیەک هیچیان ناتوانن پاســـاوێکی ئەزموونی بەســـەر ئەوی تریاندا جێکەوت بکەن. کەواتە درێژەدان بەوەی کە ئێمە لەنێوان گریمانە زانستییەکاندا چ مشتومڕێک دەکەین ناکرێت هیچ مانایەکی هەبێت. ڕێســـا و بنەماکان نرخیان کەمە و لاوازن، چونکە ئێســـتاکە دەبینین بانگەشـــەکردن بۆ ئەوەی کە هەریەک لەو دوو بۆچوونە "بابەتێکی ســـادە و ئاشـــکرای حەقیقەتێکی زانســـتییە" لە خودی خۆیدا بانگەشـــەیەکی زانســـتیی ساختەیە.

## جیاکارییەکی پڕاکتیکی نەک تیۆری

تا ئێستا، هیچ حاڵەتێک نییە کە جیاوازی لە واتای پڕاکتیکی بۆچوونە بایۆلۆژی و کولتوورییەکەدا نەبێت. بەڵکوو لە ڕاستیدا جیاوازی هەیە و، بۆ ئەوەی بزانین ئەو جیاوازییە چییە با ڕێسا و بنەماکە جێبەجێ بکەین: بیهێنە بەرچاوت لەو جیهانەی تێیداین ڕاستە جێندەر زیاتر حەقیقەتێکی بایۆلۆژییە. هاوکات بیهێنە بەرچاوت لەو جیهانەی تێیداین ڕاستە جێندەر زیاتر بونیادێکی کۆمەڵایەتییە. ئایا ئەم دوو بۆچوونە لە ڕووی لێکەوتە پڕاکتیکییەکانییەوە لەسەر ئەزموون جیاوازییان چییە؟ ئێمە بینیمان کە هیچ جیاوازییەک نییە لەو لایەنەوەی یەکێک لەو دوو بۆچوونە پاساوێکی ئەزموونی هەبێت. بەڵکوو جیاوازییەکە بەم شێوەیە بە دەست دێت: ئەگەر جێندەر زیاتر حەقیقەتێکی بایۆلۆژی بێت ئەوا هەندێک کرداری دیاریکراو گونجاون یان دروستن یان شایستەن یاخود پەسەندکراون و هەندێکی دیکەش گونجاو یان دروست یان شایستە یاخود پەسەندکراو نین. ئەگەر جێندەر زیاتر بونیادێکی کۆمەڵایەتی بێت ئەوا هەندێک کرداری دیکەی دیاریکراو گونجاون یان دروستن یان شایستەن یاخود پەسەندکراون و هەندێکی دیکەش گونجاو یان دروست یان شایستە یاخود پەسەندکراو نین. ئەو کردارانەش ئەوانەن کە چەقی مشتومڕە بەردەوامەکانن وەک: بەکارهێنانی ڕاناوەکان لە گەرماوەکاندا، پۆلێنبەندی وەرزشوانان لەسەر بنەمای جێندەر، چارەسەری هۆرمۆنی نەوجەوانان و، تادوایی. جیاوازی پڕاکتیکی لەنێوان هەردوو بۆچوونەکەدا لە جۆری ئەو بەڵگانەدا نییە کە پشتی پێ دەبەستن و، لە وەسفەکانیشیاندا نییە بۆ بونیادی کەسەکان، بەڵکوو لە میانەی کردارەکانیانەوەیە کە سزائامێزن. ئادابەکانی هەردوو بۆچوونەکە پێوەرن، چونکە بە هۆیانەوە ئێمە ڕەفتارەکان دەسەپێنین یاخود قەدەغەیان دەکەین. ئەو ئادابانە نۆرمن، چونکە پێوەرن بۆ دروستی یاخود نادروستی ڕەفتارێک. تا ئەو ڕاددەیەی دەبن بە پێوەری کورت و پوخت کاتێک لەژێر ناوی ئەخلاقدا وەک ڕێبەر و ڕێنیشاندەر ڕۆڵ دەگێڕن و ژیانمان ئاڕاستە دەکەن.

بە بۆچوونی من، ئەوە سەرلێشێواوییە ئەگەر ئێمە ئارەزووی گۆڕینی بابەتە پڕاکتیکییەکان بۆ بابەتە تیۆرییەکان بکەین. بۆ نموونە ژنێکی نائومێد

وەربگرە کە شـکسـتی هێناوە لە بینینی مێردەکەی وەک ئەوەی ئەو دەیەوێت. ئەو ژنە شـکسـتی هێناوە لە بینینی ڕەفتـاری مێردەکەی وەک مەیلە هەژێنەرەکانی مێردەکەی و دۆخی هزریی مێردەکەی لە ماوە زەمەنییە یەک لە دوای یەکەکان و، گۆڕانی باوەڕ و ئارەزووەکانی مێردەکەی. لەبری ئەوە، ئەو ژنە ڕەفتاری ئێسـتای مێردەکەی و، تایبەتمەندییە جەوهەری و نەگۆڕەکان بۆ بونیادی مێردەکەی دەگەڕێنێتەوە. ئەو ژنە ژیانە هاوبەشـە قورسـەکەیان بەم جۆرە ڕوون دەکاتەوە: "پیاوەکە بڕیاردەر و خۆپەرسـت و ڕووکەشـانەیە". لە هەمان کاتدا، مێردێک کە عاشق و شەیدا بێت ئەوا کەمتر سەرلێشێواوە، چونکە تێڕوانین و تیۆرەکـانی کـاریگەرییەکی زێڕینیـان هەیە "ژنێکی قەشـەنگ و ڕازاوەیە، ئەو کەسەیە کە بەدوایدا دەگەڕام، ئەو ژنێکی پێرفێکتە" ئەم تێڕوانینانە یـارمەتیی پیـاوەکە دەدات جۆری جیـاوازییەکە بێ ڕۆڵ بکـات کـاتێک لەگەڵ واقیعێکی پراکتیکی دژبەیەک ڕووبەڕوو دەبێتەوە. ئەم حاڵەتانە ئەوە نیشـان دەدات کە تیۆرەکە فریودەرە. خاسـیەتی بەجۆش و بزوێنەری ڕق و کینە و نەیاریێتی هاندەری تێڕوانینەکانی ژنەکەیە و، خاسیەتی توند و سەرنجڕاکێشی ئارەزووش پاڵنەری پیاوەکەیە.

بە پێچەوانەوە، لایەنگرانی بۆچوونە بـایۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەکە هەردووکیان فریویان خواردووە. چونکە ئەوە سـەرنجڕاکێشـە گریمانی ئەوە بکەیت کە دەتوانیت بە یەکجار پێشبینیی کۆمەڵێک ڕەفتاری جێندەری بکەیت و، سـەرنجی ئەو هێڵە بدەیت کە چالاکی کۆمەڵایەتی لە چالاکی بایۆلۆژی جیا دەکاتەوە و وەک ئەوەی هەیە بیبینیت و، بە یەکجار جیاوازی لەنێوان ڕواڵەت و واقیعی جێندەر بۆ هەمووان بکەیت. هەروەها ئەوەش سـەرنجڕاکێشـە هەوڵ بـدەیـت بۆ چـارەسـەرکردنی "پرسـی جێنـدەر" بە ڕێگەی تەڕحی ئۆنتۆلۆژییەوە[تیۆرییەک لەبارەی ئەوەی چ شـتێک بوونی هەیە یاخود بوونی نییە] کە بەهۆی سـروشـتی مشـتومڕئامێزانە و مۆڕاڵییانە و سـیاسـییانەی پرسـەکەوە زیاتر سـەرنجڕاکێش کراوە [زۆربەی ئەو لایەنانەی کە مەیلیان بۆ چالاککردنی داینامیکییەتی ڕق و ئارەزوو هەیە، دەیانەوێت ئەم مەیلەیان لەگەڵ تیۆرەی میتافیزیکیدا تێکەڵ بکەن]. ئەگەر دیدگاکان هێز و دەسـەڵاتیان هەبێت، ئەوا بۆ کەسـانی نیازپاک و دڵسـۆز کە بە دوای ڕاسـتی و دادپەروەریدا وێڵن هێزی بەرجەستەکردنی تێڕوانینی مرۆڤێک لە جیهاندا لە ڕێگەی پشتگیریکردنی

تیۆرەیەکەوە سەرنجڕاکێشە. بەڵام بۆ باڵایی و ڕاستێتیی ڕێڕەوی کردارەکانی بۆچوونە بایۆلۆژی و بۆچوونە کولتوورییەکە وەک پرەنسیپێکی میتافیزیکی هیچیان ناتوانن یارمەتییەخش بن. ئەم واقیعە بەتاڵە پێچەوانەی وەسفەکانی (**ویلفرید سیلارز**)ی فەیلەسووف نییە بۆ دەستەواژەیەک کە "خۆی وەک میتافۆڕێکی بەسوود پێشنیارکراوە و... وەک میتافۆڕە بەسوودەکانی دیکە بۆ زاراوەیەکی تەکنیکی چەسپاوە" (‘Empiricism and the Philosophy of Mind’, Minnesota Studies in the Philosophy of Science, vol. 1, 1956).

بەم جۆرە، کاتێک هەردوو بۆچوونەکە بەرگی میتافیزیکایان بە بەردا دەکرێت، وێڕای ئەوەی لە ڕاستیدا پێوەری پراکتیکین، ئەوکاتە ناتوانرێت "پرسی ترانس جێندەر" لە ڕێگەی تەرحێکی ئۆنتۆلۆژییانەوە وەڵام بدرێتەوە، بەڵکوو دەکرێت بە تەرحێکی پراکتیکی وەڵام بدرێتەوە ـ ئەمەش چوارچێوەیەکە بۆ ئێمە تاکوو بزانین پێویستە چۆن مامەڵە لەگەڵ یەکتری بکەین: کۆمەڵگەکەمان پێویستە چی بکات دوای ئەوەی هەندێک "داهێنان" دەکەن و هەندێکی دیکە "گەندەڵی". چونکە ئەگەر هەردوو بۆچوونەکە تەنها پێوەرەکانی ئاداب دیاری بکەن، ئەوا لایەنگرەکانیان ناتوانن تانە لە هیچ "حەقیقەتێکی بابەتەکە" لەبارەی جێندەرەوە بدەن. بەڵام من ئەو بانگەشەیە ناکەم کە هەر کردەیەکی پەیوەندیدار بە پرسی ترانس جێندەرەوە باشترە لەوەی تر. بەڵکوو من دەڵێم کە هیچ شتێک لە پشت ئەم پێوەرە پراکتیکییەوە نییە کە نەتوانین تانەی لێ بدەین. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین ئەو بانگەشانە ببینین کە لایەنگرانی هەردوو بۆچوونەکە سەرپشک دەکرێن لە داننان بە بونیادی پراگماتیکی بنچینەیی هەردوو بۆچوونەکە ـ واقیعەکەیان وەک پێوەری پراکتیک ئەوەیە: کە دەبێت تەنها دوو جێندەر هەبێت.

تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بەو پێشنیارە پراکتیکییانەوە هەیە کە کراون، وای دەبینم دۆخەکە داوای وەڵامێکی زۆر جەوهەری دەکات، چونکە لێرەدا هەرە گرنگترین مژاری ئەخلاقی کە بریتییە لە توندوتیژیی جەستەیی و دەروونی ڕووبەڕووی کەسانی ترانس جێندەر دەبێتەوە. کەواتە پێویستە ئامانجی سەرەکیمان کۆتاییهێنان بێت بەم توندوتیژییە و هەموو توانستەکانمان

لەپێناوی نەهێشتنی ئەم توندوتیژییەدا یەک بخەین، لە نێویاندا توانستی تیۆریزەکردنیش. لێرەدا تیۆرە دەبێت لە خزمەتی پراکتیکدا بێت و هەوڵی گەیشتن بە ئامانجە پراکتیکییەکە بدات. لەم سۆنگەیەوە قسە لەبارەی بینینی توندوتیژی دەکەم دژی ترانس جێندەرەکان لە چاویلکەی تەندروستیی گشتییەوە، لەگەڵ کۆتاییهێنان بەو توندوتیژییە لە ڕێگەی ئامراز و میتۆدەکانی بنەماکانی تەندروستیی گشتییەوە. ئەمەش پێشتر ئیشی تێدا کراوە، ئەوەتا چارەسەری توندوتیژیی جیهانی لەلایەن (**گاری سلوتکین**)ی زانای پەتاوە بونیادنراوە و لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە "توندوتیژی نەخۆشییەکی درمییە".

لەگەڵ ئەوەشدا، گوتاری عەوام و باو بە زەحمەت دەتوانێت لە پشت ئەخلاقەوە پێش بکەوێت. (**ئیمارا جۆنس**) ئەو پەندە بەکار دێنێت کە دەڵێت "هەر دەوەنە ئەبێ بە دار"[٣] ئەم پەندە ئەو واتایە دەدات کە ـــــ ئەوەی لە ئاماژە گوماناوییەکانی (**چاپێل**)دا شاراوەیە گەشە دەکات و دەبێتە زیانێکی جەوهەری ـــ هەروەک چۆن هیچ هێڵێکی ڕاست نییە کە سەرپێچییە بچووکەکانی یاسای شارستانی بە تاوانە حەشەری و سەرەڕۆییەکانی سەرشەقامەکان ببەستێتەوە، بە هەمان شێوە هیچ هێڵێکی ڕاستیش نییە کە سەرنجە گوماناوییەکان بەو بۆچوونە ببەستێتەوە کە کەسانی ترانس جێندەر بە مرۆڤ دانانێت، یان بەو کردارانەی کە لەسەر بنەمای ئەو تێڕوانینەن. بەڵام ڕەنگە چەندین هێڵ هەبن کە پێکەوەیان ببەستێتەوە.

ئەوە پێداگرتنە لەسەر ئەو حەقیقەتەی کە تێگەیشتنێکی ناتەواو هەیە بۆ پەیوەندیی نێوان نەخۆشیی کۆمەڵایەتیی توندوتیژیی دژە ترانس جێندەر و ئەو مەرجانەی کە پێویستە پلان و ستراتیژییەتەکان بەرەو ئامرازێکی تەکنیکی بۆ چارەسەری نەخۆشییەکە ئاراستە بکەن، ئەمەش پێچەوانەوەی بەرهەمهێنانی تیۆرە میتافیزیکییەکانە کە توانایان نییە لە بەرهەمهێنانی ئەخلاقی تەکنیکی واوەتر برۆن. بەڵام تێگەیشتنی ڕووکەشانەی ترانس جێندەر پێویستە بانگەشەکانی (**چاپێل**) بەلاوە بنێت کە دەڵێت شتێکی وەک ساختەچێتی یاخود لاساییکردنەوە لە دیاردەی ترانس جێندەردا هەیە. ئەوە سەرنجێکی گاڵتەجاڕانەیە کە ئێمە پێمان وابێت کەسێک هەوڵ دەدات ئاسوودە بێت و

خودی خۆی لە واقیعدا بەرجەســـت دەکات، تەنانەت ئەگەر بە ئازاری دووره وڵاتی و نامۆبوونی کۆمەڵایەتی و توندوتیژی بێت، تەنها نمایش و خۆنواندنێکە کە خۆی دروســـتی کردووە. بەڵکوو، ڕاســـتییەکە ئەوەیە کە مرۆڤ زیانی پێ دەگات و تەنانەت دەشکوژرێت تەنها لە پێناوی ئەوەدا کە خودی خۆی بێت.

ڕەنگە مشـــتومڕئامێز نەبێت کە پێشـــنیاری ئەوە بکەین توندوتیژیی دژی کەسانی ترانس جێندەر پێویستە لە ڕێگەی ئامراز و میتۆدەکانی تەندروستیی گشـــتییەوە چارەســـەر بکرێت. بەڵام ئێمە وەک کۆمەڵگەیەک،ماڵێکین کە دژی خۆی دابەش بووە. وە شـــکســـتەکانمان لە وەڵامدانەوەی تەواوی ئەرکەکانمان بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ چەقینمان لە بواری تیۆریدا، کە وای کردووە لە واقیعی پراکتیکیدا بزر بین و مشـــتومڕ لەبارەی میتافیزیکای جێندەرەوە بکەین. لەبەر ئەوە، دەبێت خۆمان لە زاڵبوونی تیۆرەکان ڕزگار بکەین ـــــ لەو بیرۆکە و ئەبستراکت و تارماییانەی لە سەرماندان ـــ تاکوو بگەینە ئەو دیمەنە قووڵەی کە ئێمە بە واقیعی تێیداین.

**پەراوێزەکان:**

twin views.١

٢.(Translash Media) ترانســـلاش میـدیـا: پلاتفۆرمێکی دیجیتـاڵی قازانجنەویستی میدیایی فرە مینبەرە، لەلایەن (ئیمارا جۆنس)ـەوە دامەزراوە و لە ساڵی (٢٠١٨)وە دەستی بە کار کردووە. مەبەستی ئەم پلاتفۆرمە گێڕانەوەی چیرۆکی کەســـانی ترانس جێندەرە بە مەبەســـتی ڕزگارکردنی ژیانیان و، گەیـانـدنی دەنـگ و بۆچوونەکـانیـان. ئەم بەســـتەرەش ســـەکۆکەیـانە: https://translash.org/(و.ک)

٣.ئەم پەندە لە دەقە ئینگلیزییەکەدا بەم شـــێوەیە هاتووە: ‘ The oak is in the acorn’، هەندێک پەند بەهۆی سیاقی زمان و بەستێنە کولتوورییەکەیەوە چ بە وەرگێڕانی واتایی چ بە وەرگێڕانی حەرفی ناتوانن پڕاوپڕ ماناکە ببەخشن، بۆیە لەبری ئەوە ئەم پەندە کوردییەمان لە جێگا داناوە "هەر دەوەنە ئەبێ بە

دار" کە هەمان مەبەستی پەندە ئینگلیزییەکەی هەیە، بەو واتایەی کە هەر شتی بچووکە پاشان گەورە دەبێت. (و.ک)

**سەرچاوە:**


Francisco Javier Camacho, Gender as Biological Fact vs Gender as Social Construction, Philosophy Now, Issue 150, June/July 2022, United Kingdom, Available;

https://philosophynow.org/issues/150/Gender_as_Biological_Fact_vs_Gender_as_Social_Construction